# پەهبەهادێکی بچووک بە خێراییەکی زۆرەوە

(پەهبەهاد) یا فڕۆکەی بچووکی بێ فڕۆکەوان چەند ساڵێکە هەر تایبەت نییە بە شوێنە نیزامییەکان، بەڵکو ئێستا کەسانی ئاسایش دەتوانن سوود لەو فڕۆکە بچووکانە ببینن، بەتایبەتی بۆ کاروباری فیلم هەڵگرتنەوە و سینەما گرنگی زۆر دەبینن..

فڕۆکەی بچووکی جۆری disco ٥٠ لەگەڵ گشت ئەو پەهبەهادانەی کە تا ئێستا بەرهەم هاتوون لە هەموو بوارێکەوە جیاوازە، ستایلەکەی رەنگە لە شوێنە نیزامییە هەستیارەکان ببیندرێ. ستایلەکەی هەروەك فڕۆکەیەکی ئاسایی دەچێت.. خێرایی فڕۆکەکە ٨٠ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدایە لەوەش گرنگتر هەتا ٤٥ خولەك شەحنی دانابەزێت کە ئەم ماوەیەش لە جیهانی پەهبەهادە بچووکەکاندا پێوانەییە.

کۆنترۆڵێکی تایبەتی لەگەڵدایە بەکارهێنەر بە ئاسانی دەتوانی کۆنترۆڵی فڕۆکەکە بکات کێشی کەمتر لە کیلۆیەکە و لە ئاست بایەکی بەهێزیشدا دەتوانی خۆراگربێت. کامێرایەکی ١٣ مێگاپیسکلی لە سەر نووکی فڕۆکەیەکە کە بە دەوری خۆیدا دەسوڕێت و بە کوالیتی فول ئێچ دی وێنە دەگرێت.






# کاتژمێرێکی هۆشمەند و هەرزانبایی

کاتژمێرە هۆشمەندەکان لە جیهانی تەکنەلۆژیا جێگای تایبەتیان هەیە و ڕەنگە لە داهاتوودا شوێنی مۆبایل بگرنەوە، چونکە جگە لەوەی ئەرکەکانی مۆبایل ئەنجام دەدەن یارمەتیدەرێکی باشیشن بۆ وەرزش و جوڵە و ڕۆیشتن و تەندروستییەکی باش.. زۆربەی کۆمپانیا گرنگەکانی بەرهەمهێنەری تەکنەلۆژیای نوێ کاتژمێری هۆشمەندیان بەرهەم هێناوە، تایبەتمەندی و جۆری کاتژمێرەکان لێکجیایە..

کۆمپانیای نەمبەروانی چینی نوێترین کاتژمێری هۆشمەندی خۆی بەناوی G٥ بەرهەم هێناوە کە دەکرێ بڵێین هەرزانبابیترین کاتژمێرە.. کاتژمێرەکە سێ ڕەنگی هەیە و لە بواری دیزاینەوە سەرنج ڕاکێشە. هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و ios دەخوێنێتەوە. وەك زۆربەی کاتژمێرە هۆشمەندەکان لە ڕێگای بلوتوسەوە بە مۆبایل پەیوەند دەدرێ و گشت زانیارییەکانی سەر مۆبایل بۆ سەر کاتژمێر دەگوێزنەوە.. هەستەوەری لێدانی دڵی هەیە و چالاکی ڕۆژانە و ڕاکردن و کالۆری سووتاندن لەخۆیدا تۆمار دەکات. نرخی کاتژمێرەکەش تەنیا ٤٠ دۆلارە.. کە دەکرێ بڵێین هەرزانترین کاتژمێری هۆشمەندە..






## دیسان ورچە ڕۆبۆتێکی دیکە

لە بابەتەکانی پێشوودا باسمان لە هەواڵێکی تەکنەلۆژیا کردبوو سەبارەت بە ڕۆبۆتێکی مایکرۆسۆفت کە لە شێوەی ورچ دەچێت، ئێستا کۆمپانیایەکی دیکەش ڕۆبۆتێکی دیکەی بەناوی (bearrobot) واتە ورچە ڕۆبۆتەکە بەرهەم هێناوە. ئەرکی ئەو ڕۆبۆتە ئەوەیە کە چاودێری هەرچی ئامێری دیجیتالی ماڵەوەیە دەکات و هەڵیان دەکات دەیانکوژێنێتەوە و ئەرکی دیکەش ئەنجام دەدات، ڕۆبۆتەکە جوڵەی دەستی بەکارهێنەرەکە دەناسێت و وەك پەیامێکی فەرمان سەیری دەکات، بۆ نموونە کاتێك دەست بۆ سەرەوە دەبەی یانی تەلەڤزیۆنەکە هەڵبکە، ئەگەر بۆ خوارەوە واتە بیکوژێنەوە.. یان ئەگەر بەشێوەی بازنەیی دەستت بۆلای چەپ بسوڕێنی یانی دەنگی کەم بکە. گشت ئامێرە دیجیتالییەکان وەك، سپیلیت، گڵۆپ، پەردە و تەنانەت پرۆگرامەکانی سەر کۆمپیوتەریش دەکرێت بەو ڕۆبۆتە بسپێردرێن.

## چاویلکەیەک بۆ چات کردن

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆر بەرفرە بوونە، ئەوەندە زۆرن لە ژمارە نایەن، تۆڕی کۆمەڵایەتی snap chat یش یەکێکە لەو تۆڕانە کە لەو تورەدا دەکرێت وێنە یان فیلمێك لە خۆت بگری و بۆ هاوڕێیانتی بنێری و ماوەی دیتنەکە سنووردار بکەی، بۆ نموونە وای دابنێی کە ئەوان دەتوانن تەنیا کاتژمێرێك سەیری فیلمەکە بکەن و دواتر ئۆتۆماتیکی دەسڕێتەوە.

تۆڕی کۆمەڵایەتی ناوبراو لەم ڕۆژانەدا چاویلکەیەکی تایبەت بەو تۆڕەکە بەرهەم هێناوە، بەناوی copyright snap کە خۆی فیلم هەڵدەگرێتەوە و ڕاستەوخۆش بۆ تۆڕەکەی بەڕێ دەکات. ئەو وێنانەی بەو کامێرایە دەگیرێن چوارچێوەیەکی بازنەییان هەیە و لە هەرلایەکەوە دەکرێت سەیریان بکەی.

# دوو ماوسی تایبەت بە گەمەی ئەلکترۆنی

**یارییە ئەلکترۆنییەکان جگە لەوەی چەندین ئامێری تایبەتیان هەیە وەك پلەی ستەیشن و پی ئێس پی و ئەتاری... بە کۆمپیوتەر و مۆبایل و تەبلێتیش دەکرێن، بەڵام یارییە قورسەکان دەبێت ئامێری تایبەت بەخۆیان هەبێت، تەنانەت کۆمپیوتەری تایبەت بەخۆیان و ئامێری گەمە کردن وەك دەسکی گەمە و ماوس و کیبۆردی تایبەت بە خۆیان هەبێت.. لێرەدا دوو ماوسی گرنگی تایبەت بە یاری ئەلکترۆنی دەناسێنین..**

## ماوسی جۆری
## Logitech G900 Chaos Spectrum



ماوسی جۆری لاجتیك جی ٩٠٠ لە ریزی ماوسە بەهێزەکان دێتە ژمار کە تایبەتن بە یاری ئەلکترۆنی، ماوسەکە بێ وایەرە و لە رێگای وای فایەوە بە کۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێت. ماوسەکە تایبەتمەندی بۆ هەردوو دەستی تێدایە واتە چەپ دەستەکانیش کێشەیان لەگەڵ ماوسەکە نییە. ماوسی ناوبراو ١١ دوگمەی هەیە دەکرێت پرۆگرامیان بۆ دابندرێ بۆیە هیچ کاتێك لەگەڵ ماوسەکەدا تووشی کێشە نابی. تایبەتمەندیەیکی گرنگی ماوسەکە لەوەدایە هەرکاتێك وزەی تەواوی هەبوو دەکرێت هەتا ٣٠ کاتژمێر یاری پێبکەی.

## ماوسی جۆری
## Razer naga hex v2



ئەگەر بەکارهێنەر یەکێك بێت لەو کەسانەی کە حەزی لە یاری گروپی و چەند کەسییە، ماوسی جۆری (razer naga hex v٢) یەکێکە لە باشترین ماوسەکان. هەر لەسەرەتاوە کە سەیری دەکەی هەست بە جیاوازی ماوسەکە دەکەی چونکە لە لەلای چەپی ماوسەکە ٧ دوگمە دەبینی کە بە شێوەی بازنەیین، ئەو دوگمانە بەکارهێنەر دەتوانێ پرۆگرامیان بۆ دابنێ.


جگە لەو دوگمانە چەندین دوگمەی دیکە هەن کە ئەرکەکان ئاسانتر دەکەنەوە، ستایلی ماوسەکە سەرنج راکێشە. کێشی کەمە و بۆیە کارپێکردنی ئاسانە. پرۆفایلی چەندین یاریشی لەخۆیدا تۆمار کردووە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت ئایا راستە باس دەکرێ کە دەتوانن کامێرای لاپتۆپەکەت بکەنەوە بەبێ ئەوەی کە خۆت هەستی پێبکەی؟**

خوێنەری بەڕێز دەکرێ بڵێین لە جیهانی دیجیتالیدا هیچ شتێك مەحاڵ نییە، واتە هەموو شتێك دەکرێ و دەگونجێت. بەڵێ ئەوە دەنگۆ نییەو بەڵکو راستییە، لە رێگای پرۆگرامی تایبەتییەوە دەتوانن کامێرای لاپتۆپەکەت بکەنەوە. تەنانەت هەر لەو ماوەیەدا (زاك بێرگ)ی دامەزرێنەری تۆڕی فەیسبوك خۆی کامێرای لاپتۆپەکەی داپۆشی بوو.. ئێستا هەندێك کۆمپانیای بەرهەمهێنی لاپتۆپ، بەگرێك لە نزیك کامێراکە دەکەن بۆ داخستن و کردنەوەی.. تۆش دەتوانی گەر پێویستت نەبوو بە لەزگەی رەش داپۆشی...




# پرۆگرامێک بۆ دروستکردنی ماڵپەڕ

حەز دەکەی سایتێکی تایبەت بەخۆت هەبێت، بەڵام لە دروستکردنی ماڵپەڕدا هیچ شارەزاییەکت نییە، لە کۆدەکان سەرت دەرناچێ. پرۆگرامێکی زۆر لەمبوارەدا هەن پرۆگرامیکی WYSIWYG Web Builde یەکێکە لەو پرۆگرامانە. ئەم پرۆگرامە بەهێزە دەتوانێت بەبێ ئەوەی کە هیچ شارەزاییەکی تەواوت لە دروستکردنی ماڵپەڕدا هەبێت، یان بزانی کۆدەکانی وێب چییە هاوکارت لە دروستکردنی ماڵپەڕدا. خودی پرۆگرامەکە دیزاینی لەپێشدا دروستکراوی تێدایە و بە ویستی خۆت دەتوانی گۆڕانکاری تێدا پێکبهێنی.

بەشێك لە تواناکانی پرۆگرامەکە ئەوانەن:

- دروستکردنی ماڵپەڕ بەبێ شارەزابوون لە پرۆگرامەکانی HTML.
- توانای دانان و زیادکردنی لاپەڕەکان و پەسۆرد لەسەردانانیان.
- زیادکردنی نووسین بە ستایلی جوان وەك لۆگۆ و بەنێری سەرنج راکێش.
- دانان و زێدەکردنی کلیپ ئارتەکان
- دانانی پرۆگرامی دانلود کردن.
- توانای پشتیوانی کردن لە فایلە ڤیدیۆیەکان
- توانای زیادکردنی گەڕانی گوگل لە وێب سایتەکەدا
- توانای زیادکردنی دوگمەی سەرنج راکێش لە وێبدا.
- دانانی گەلەری وێنە بەشێوەی سەرنج راکێش.

## هەم کارتخوێن و هەم پاوەربانک




ئێستا کە مۆبایلیش خاوەنی فلاش میمۆری خۆیەتی، هەرچەندە بۆ مۆبایل بوونی میمۆری کارت لە پلەی یەکەمدا دێت، جار هەیە سەر مۆبایلەکەت ئەوەندەی پرۆگرام و وێنە لەسەرە کێشەی بۆ خێرایی مۆبایل دروست کردووە و بۆیە جار جار تێکەڵی دەکات، بۆ چارەسەری ئەم کێشانە، ئامێری blade 4000 ە کە هەم پاوەر بانکە و هەم کارت رێدەر. ئامێرەکە بۆ هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و ئەپڵ دەبێت، ئامێرەکانی وەك کامێرا، تەلەڤزیۆن و پرۆژکتۆر و مۆبایلی پێوە پەیوەند دەدرێ. جگە لەوەش پاوەر بانکە و دەتوانی مۆبایلەکەشی پێ شەحن بکرێتەوە. ئامێرەکە ڕێژەی نیشاندانی باتری، گەرمی مۆبایلیش نیشان دەدات.






## سایتێک بۆ گۆڕانکاری لە وێنەدا

سایت گەلێکی زۆر هەن کە ئەرکیان ئەوەیە بەبێ بوونی هیچ پرۆگرامێك لەسەر کۆمپیوتەرەکەت لە ڕێگای ئۆنلاینەوە دەستکاری و گۆڕانکاری لە وێنەکاندا بکەی.. سایتی http://www.fotor.com/ یەکێکە لەم سایتانە، بەهۆی ئەم سایتەوە دەتوانی گۆڕانکاری لە وێنەدا بکەی، کارت پۆستال دروست بکەی. یان وێنەکانت بکەی بە HD و فیلتەری تایبەتی لەسەر دابنێی. لەگەڵ ئەوانەشدا دەتوانی کلیپی هونەری لە وێنەکانت دروست بکەی یان دەق لەسەر وێنە دابنێی.بەڵام تەنیا کێشەیەك کە هەیبێ ئەوەیە کە لەکاتی کردنەوەی سایتەکەدا ڕێکلامی زۆری تێدایە..